# ...

فرووزان بابایی نژاد

چەندە لە دەورت گەڕێم
زەوی لە گەڕاندن خەم
مانگ لە عاشق بوون و
عەشق لە ترۆ بوون!
من ئامادەیە
هەناسەی با بکێشێت
قوڕگی خاک بخنکێنێت
هەوا دەربکات و خودا ڕاو بنێت
کاتێ تۆ نەبیی، من هەوەسە
من، کچێکی بێدایکە و خۆی لەگەڵ سێبەرەکەی لێتێکچووە
من، کوڕێکی بێدڵە و کاتی لە شوێنێکا بەجێهێشتووە
من یانێ تۆ و جیهان ئاو بردبێتتانی

من ئامادەیە
هەموو دیوارێک ببنە پەنجەرە و هاتنەوەت بخنکێنن
هەموو دایکێک ببنە کچ و بۆ کۆرپەکانیان لەعنەت بنێرن
بلێت دەست بگرن و ئادەمیزاد لەناو ببەن
ئەی دایکانی هەوەس
ئەی خوشکانی خەفەت
ئەی کچانی ترس
بۆ جارێکیش ئێوە تەڵاق بخۆن
بۆ جارێکیش ئێوە لەعنەت بنێرن بۆ پیاو و پێنووس

لێرە لەعنەت وەک پاژنەی کەوشەکانتان دەشکێت و
زەوی هەڵتاننناگرێ
لێرە عەهد وەک ئارایشی دەموچاوتان پاک دەبێتەوە
باران داتانناشارێ
لێرە ئادەمیزاد لە ئێوەدا وەک ترس خۆی دادەشارێت و
کات بە نهێنیتان نازانێ!
وەرن سوار حەقیقەت ببن
چی جل لەبەرتاندایە تووڕی بدەنە باوەشی با
چی پرچ و مەمک و کچێنییە فڕکی بدەن
خاڵی ببنەوە لە خۆتان
چی منداڵ لە زگتاندایە بیدەنەوە بە باوەشی خودا

ئەی کچانی ماندوو
تەنیایی فریای کامتان بکەوێت

چەن ژن و دۆس و سیغە و سێف
تەنیایی؟
ئەی کوڕە چاوڕەشە ئێسک سووکەکەی شەو
بریا باوەشت نەدەدووری بەگیانما
بریا چاوت نەدەبڕییە چاوم
یان ئەوەندە خاڵی نەدەبوومەوە لە خۆم
با بمبات
دەمەوێ مەرگم خۆش بووێت
مەرگ بگرمە ئامێز و جنێو ڕەوانەی عەشق و تۆ بکەم
مەرگ ماچ بکەم و تف بکەم لە شەڕەفی تۆ و سەگ
ئادەمیزاد دەبێ لەناو بچێت ئەی پشیلە ژیرەکان
ئەی گوێدرێژە بەستەزمانەکان حەقی خۆتانە پرچی ئادەمیزاد ببڕن
حەقی خۆتە ئەی خۆر، بمانسووتێنی
حەقی خۆتە ئەی با، بمانفڕێنی
ئەی خاک حەقی خۆتە قووتمان بدەیت
ئاو، حەقتە بمانخنکێنی
کێو، فڕێمان بدەی
سەگ لێمان بوەڕی
دار بمانقرتێنی

ئەی مانگ عاشقمان بکەیت!

کفرە بچمە ئامێزی مەرگ و
کاتیش لە خۆما بوەستێنم
مەرگ؟ ئەی مەرگی ئاواتەکانم

کچێک خۆی لە هەواڵێکدا بەجێهێشتووە
کچێک ئیدی ناتوانێت لە شێعرەکانیدا ناوی پەردە بەکار ببات!
کچێک زمانی وشەی دەرهانیووە ئەوەندە نەیوت

بریا هەموو گوڵێک قاچی بوایەت بۆ دەرچوون
با لووتی هیچ ئادەمیزادێک بۆنی نەدەکەردن
ئادەمیزاد بۆنی بە هەرچییەکەوە کرد هەڵی وەراند!
من لە یادیە کوڕێک بۆنی بە قژ، سنگ و دەستییەوە کردبوو
پاییز لە ئەوەوە هەڵوەرین فێر بووبوو

ئادەمیزاد بێقاچ فەلەجە و بێچاو کوێرە و بێگوێ کەڕ؛ بێیادەوەریی
هەموو شتێکە و هیچ نییە

من لەبیریە کچیەتیی لێقەومابوو و
هیچی نەبوو کفری داروبەردی پێوە بکات
مەرگ وەسیەتی کردووە کچ بدەن لە داری قاڵی
هەموو ساتێک کچێک خپی دەکات بە گوڵێک و لە لاقژی مەرگا
هەڵدەوەرێت
وەک کۆپلە شێعرێک لە ناو ئاگرا ببێ بە مشتێ هیچ
من دەڵێت:
ئەی تەواویی تۆ حیزەکانی سەردەمی عاشقیەت
غەزەب خوداتان دەگرێت و
بە خۆتان نازانن!
بڵێ دەست و پەنجەی ڕێگە هەڵبوەرێت
کەوشەکانت داوەشن

فاسڵە بتۆپێ وەک سەگ
کە غوربەتیان وەک ملەمێخەک کردووەتە مل ‹‹من››
کە شێتیی فەلەجە و من ویلچریە
غوربەت مارێکە ژەهراویی
دای بە هەرکەوە نەمرد!
من نەمردنم کردووەتە پیشە
تووڕم داوەتە بەر نەبوونی ‹‹تۆ››

مەرگ ئەی مەرگی ئاواتەکانم
ئاوات مووڕووی منداڵێک بوو
نەدەچووە چاڵ
چادەرچایە دنیا گیانەکەم